کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-12-2007 23:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕوونکردنەوەیەک لە ماڵپەڕی دەروونناسیەوە، مەکۆی جەبار شێخانی مەکۆی دزی و ناپاکی**

ماڵپەڕی دەروونناسی (www.derunnasy.com) بەو تەمەنە کەمەی هاتۆتە بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەلەکترۆنیەوە وەک ماڵپەڕێکی زانستی سایکۆلۆژیا، چەندین شانازی بۆ خۆی تۆمارکردووە، لەلایەک توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بکات بە خوێنەرە ئازیزەکانی، لەلایەکی ترەوە بۆتە سەرچاوەیەک بۆ زۆرێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەرە ئەلەکترۆنیەکان کە بابەتەکانی دەروونناسی وەردەگرن و بەئەمانەتەوە لای خۆیان بڵاوی دەکەنەوە و پێشکەش بە خوێنەرانی خۆیانیان دەکەن. لەکاتێکدا ڕەچاوی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەنووسیی بکرێت لەگوێزانەوەی بابەتە بڵاوکراوەکاندا ئەویش بە ئاماژەپێکردن بە سەرچاوەی وەرگرتنی بابەتەکان و ناوی نووسەرەکان ئەوا نە پێشێلکاری نە ناپاکیە بەرامبەر ئەم پرەنسیبپانە، هەندی جار لەلایەن ماڵپەڕێک یان کتێبێک یان گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکەوە دەبینین کە مافی دووبارە بڵاوکردنەوەی بابەتێک یان کۆمەڵە بابەتێک یان تەواوی بابەتەکان ڕێگەپێنەدراوە تەنها بەپرس و ڕای نووسەرەکە یان سەرنووسەرەکە نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم هۆشداریەش ئامادەنەبوو لەسەر ڕووبەری بڵاوکراوەکاندا مانای ئەوە نیە قۆڵی لێهەڵماڵین و بەڕاست و چەپدا مافی کەسانی تر پێشێل بکەین. ئێمە دەپرسین چ جیاوازیەک هەیە لەنێوان ئەوەی تۆ بچیتە مارکێتێکەوە پانتۆڵێک بدزیت کە موڵکی خاوەنەکەیەتی و تۆ لەبەری بکەیت وبیکەیت بەموڵکی خۆت یان دزینی ئاوازێکی گۆرانی کە هونەرمەندێک ڕەنجی لەگەڵ کێشابێت و شەونخونی بۆ کردبێت کەسێکی دی بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی ئاواز دانەرەکە بکات، لەگەڵ دزینی بابەتێک کە لەگۆڤارێک یان ماڵپەڕێکەوە تۆ وەریبگریت و لە ماڵپەڕێکی تر یان گۆڤارێکی تر بلاوی بکەیتەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی وەرگرتنی بابەتەکە و ناوی نووسەرەکەی تیا بکەیت؟

بەداخەوە ماڵپەڕە کوردیەکان بەشێکی زۆریان ئاڕاستەیەک یان هێڵێکی دیاریکراویان نیە کاری لەسەر بکەن یاخود چوارچێوەیەک نیە بۆ کارەکانیان، ئەمەش سەرلێشێوایەکی گەورەیە کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی تێیکەوتووە، بەشێکی زۆر لەم ماڵپەڕانە گۆرانی و مۆسیقا و سیاسەت و ئەدەب و نوکتە و ڤیدیۆ کلیپ و زانست و جرت و چەقەنە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و سەما و عەرەبی و کوردی و زمانەکانی تر و... هتد، هەموو ئەمانەی لەخۆ گرتووە و ئەم بوارە جیاوازانەی تیادا تێک ترێنجراوە... ئەمە بۆ؟ بەدڵنیاییەوە چونکە بەشێکی زۆر لە بەڕێوەبەران یان خاوەنەکانی ئەم ماڵپەڕانە ئەهلی پسپۆریی تایبەت نین لە بوارێکی دیاریکراودا بەڵکو پێشبڕکێیەکە بۆ ڕاکێشانی زۆرترین خوێنەر بەلای ماڵپەڕەکەی خۆیدا، ئەگەر لەسەر حسابی کەسانی تر و لایەنی تریش بێت.

زۆر بەداخەوە مەکۆی جەبار شێخانی زۆر نا مەسئولانە و دوور لەهەموو بەهایەکی ڕۆژنامەنووسیی کۆمەڵێکی زۆر لە بابەتەکانی ماڵپەڕی دەروونناسی دزیوە... بۆیە دەڵێین دزی چونکە نە پرسمان پێکراوە و نە لەدووبارە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانماندا ئاماژە بە سەرچاوەی وەرگرتنی بابەتەکان کراوە کە ماڵپەڕی دەروونناسیە و نە ئاماژە بە ناوی نووسەرە بەڕێزەکانی بابەتەکان

دراوە. ئەگەرچی ئەمە یەکەم جار نیە ستەمی لەم جۆرەمان لێبکرێت بەڵام دیارە پانتایی پاشاگەردانی و دزی و ناپاکی لەم بوارەدا ڕوو لەزیاد بوونە. ئێمە لێرەوە داوا لەگشت ماڵپەڕە کوردیە ڕەسەن و خاوەن پەیامە ڕاستەقینەکان ئەکەین کە هەنگاو هەڵنێن بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەم پێشێلکاریانەی دەکرێن. هەروەها داوا لە بەرپرسی مەکۆی ناوبراویش دەکەین کە وێڕای ئەوەی داوای لێبووردن لە ماڵپەڕی دەروونناسی و نووسەری بابەتە دزراوەکان بکات، دەستبەرداری ئەم ڕە فتارە نەخواستراوانە بێت و خۆی لەبوارێکدا بدۆزێتەوە کە بوار و پسپۆری خۆی بێت.

ماڵپەڕی دەروونناسی
www.derunnasy.com
کوردستان / سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.